# عامودی گەورە و بچوك  لە هەموو سەردەمێك
# بە ..... ئاوارەكانی كەركووك

عەلی مەحمود محەمەد

گازندەی ئەم سەردێرەی سەرەوەم  لێ مەكەن , خۆمیش یەكێكم  لە ئاوارەكان , خوێنەری ئازیز  دە سەیرێك ئەم دوو هەواڵەی خوارەوە بكەن  و خۆتان حاكم بن و حوكمی خۆتان بدەن , بزانن ئەوجا بە عامود ڕازی دەبن یان نا ؟ :
خەڵكی تسن 8 دۆنم زەوی دەبەخشن بە ئاوارەكانی خۆیان بۆ ئەوەی خانوی تێدا درووست بكەن , بە گوێرەی مادەی 58 , ئەوان لە چاوپێكەوتنییان لەگەڵ وەزیری اسكان و تعمیر ئەم داواكاریەیان دەربڕی .
سەیری ئەم هەواڵەی خوارەوەش بكەن كە لە باسەرەی ژمارەی 120 ی بەرواری 22-9-2005 بڵاو بۆتەوە:
كاك فەرحان جەوهەر حەسەن بەڕێوەبەری قوتابخانەی یارمجەی سەرەتایی تێكەڵ بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحییەی پردێ ناردووە و داوا دەكات قوتابخانەكەیان دابخرێت . نووسراوەكە بە عەرەبییە  و بە ژمارەی (3)  لە 8-9-2005 دەرچووە , بە كوردییەكەی دەڵێ:

تكایە ڕەزامەندی  بنوێنن بە داخستنی قوتابخانەی یارمجە و وەرگرتنەوەی بیناكەی , چونكە خەڵكەكەی لە لایەن بەڕێز ڕزگار عەلی سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگاری كەركووكەوە دەردەكرێن لە گەڵ ڕێزدا .
ئەمەی سەرەوە دوو هەڵوێستە لەسەر نیشتەجێكرنی ئاوارەكان , بەرەی توركمانی  وتوركمانەكان  , زەوییە بە نرخەكانیان , كە دەكەوێتە جەرگەی شارەوە,  تەرخان دەكەن بۆ نیشتەجێكردنی ئاوارەكانیان . وەلێ دەسەڵاتدارانی كورد , بەهۆی ئەوەی ئەو زەوییەی ئاوارەكانی لەسەر نیشتەجێ یە ,  موڵكی خۆیان یان كەس و كاریانە  دانیشتوانەكەی دەر دەكەن .
 مامۆستا فەرحانی بە ناچاری , بە خواردنی ئازار و زوخاوەوە داوای داخستنی قوتابحانەكەیان دەكات , داخستنی قوتابخانە بۆ مامۆستا ئاش بەتاڵی  مەبدەئە . زۆر دوورتر لەم قوتابخانەیە نا , چەند كم یێك  دوورتر لە گوندی یارمجە , ڕزگارێكی دیكە ئەویش ئەنجومەنی شوانە , ڕێگە نادات خەڵكی پاپیلان بگەڕێنەوە سەر زێدی باوو باپیریان و گوندە وێرانەكەیان ئاوەدان بكەنەوە .
 باشە بۆ ناپرسن كورد بە سەر ئەم هەموو ڕزگارەیا , هەر هەمووی بووە بە ڕامبۆ , چۆن كەركووك و لادێكانی ئاوەدان بكاتەوە و بیگەڕێنێتەوە سەر جوگرافیای كوردستان؟؟؟ . ڕزگار لە جیاتی ئەوەی ڕزگار كەربن , خۆزگەم بە كۆیلەدار !.
لە تەلەفزیۆنی زاگرۆسەوە كاك نەجات حەسەن بەرپرسی لقی 3 ی پارتی , لە وەڵامی گوێگرێكدا وتی : توانیومانە چەندین گۆڕەپانی تۆپێن بكەینەوە , ئەمە گەورەترین و مەزنترین دەسكەوتی مێژویی پارتەكەی بوو لە كەركووكدا , لە پاڵ بۆیە كردنی عامود و دار و دیواری ڕەحیماوە بە ڕەنگی زەرد , لە سایەی سەری بۆیەكەیان( سەوز و زەرد) نیوەی كەركووك توشی نەخۆشی چاو بووە  .
 بە دروشم بێت  پارتی یەك فلس لە قاسەكەی دا نەماوە لە پێناو كەركووكدا , بەڵام بە كردار تەحەدا دەكەم یەك بلۆكی پارتی لە كەركووكدا قیت بوبێتەوە  , وەك ئەوەی ئاوارەكان  چەپڵە  لێدەری تۆپێن بن , بۆیە  گۆڕەپانی تۆپێنییان بۆ دەكرێتەوە   , نەك ئاوارەی سیاسی , هەرچەندە  هیچ گۆڕەپانی تۆپێنێك خەرجی نیو مێزی تێ ناچێت  .
ینك 60 ملیۆنی لە كەركووك خەرج كردووە  , بەڵام نەیتوانییوە عامودێك بۆ ماڵە ئاوارەیەك ڕابكێشێت , ئەویش بە 7 گۆڕەپانی تۆپێنەوە دەیەوێت كەركووك بگەڕێنێتەوە كوردستان ! .

له هەموو جیهان حیزب سوالٚ له حکومەت دەکات , له کوردستان حیزب پارەی حکومەت که سامانی گەله تەخشان پەخشان دەکات . کورد 17٪ داهات بۆ هەموو گەل وەردەگرێت به گوێرەی ژمارەی دانیشتووان به مردووەکانیشەوە , بەلام دوو کەس و خێزان و گروپ دەیخۆن . لەنگەی ئەوروپا نەبێت , هەموو کەرکوکیەکان گری باوەگوڕ گوڕیش گەرمیان ناکاتەوە لەسەرمان و برسان ڕەق دەبنەوە .

لەیادمه دوو ڕۆژ بوو سەدام بەپێللاو وێنەی بۆ دروستکرایەوە له کەرکوك , له چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ئاوارەیەك به سزمانی ساوێلکه وتی : دوو سالٚی دیکه کەرکوك دەبێته هۆنگ کۆنگ , بەلٚام نەیزانی له سایەی دەسەلاتدارییەتی دزدا دەبێته کابول .

کەرکووك له سالٚی 1963 حەرەس قەومی تالانی کرد , ئەمجارە حەرەس دۆلار . کەرکووك له گەندەلٚییدا دووەمی عێراقی بەرکەوت , عێراقیش یەکەمی جیهان , گەلێك له دوای کەلارەوە .

بەڕێز مام جەلال ڕەخنەی خاین بوون لەوانه دەگرێت که کەرکوك بەجێ دەهێلٚن ! , ئەم وتەیە ڕاسته , بەلٚام کاتێك هاوولاتیان به بێ هۆ بگەڕێنەوە بۆ پۆلیساوەو خانەنشیناوە و وەزیراوە و موستەشاراوە و دۆلاراوە .

باشه بەڕێز مام جەلال ئەی چی به مەسئولەکانی خۆی دەلٚێت, که له نێوان کەرکوك و سلێمانی سەفاو مەروایانه , پێیەکیان له کەرکوکه ئەوی دیکەیان له سلێمانی , به ڕەش له سلێمانیین , بەلٚام بایەعییەکەیان له کەرکووکه , ئەگەر ئاوارەیەکی بەسزمان له برساو ترسا کەرکوك بەجێ بهێلێت خاین بێت ؟؟ , ئەی بەو بەرپرسانەی به 60 ملیۆن دۆلار نەیانتوانی زبلٚدانەکەی بەردەم قوتابخانەی ئیمام قاسم پاك بکەنەوە , شەوێك بۆ ناو خوا ناوێرن له کەرکوك بمێننەوە چی دەلٚێت ؟؟ .

کەی مام جەلال توانی نانی ئەو خەلٚکه بدات و نیشتەجێیان بکات , بەرپرسەکانی خۆی بەرێتەوە کەرکووك , ئەوسا کەس مافی وەلامدانەوەی بەڕێزی نابێت , بەلٚام ئەم تاوانبارکردنەی ئێستای له جێگەی خۆیدا نییه .

با لەسەرەتادا ئەو گلەییه له خۆی بکات , له جیاتی سەفاو مەروای دوکان و قەلاٚ چۆلان , بێتەوە ناو شاری ئاوارەکان .

برادەرێك لەم ڕۆژانه به جێب تەلەفۆنەکەی له بەردەم مالٚی پارێزگارەوە قسەی له گەلٚمدا کرد وتی : منالٚەکان پارێزگار هەر یەکەی بەئەڤەلۆنێك دەچێت بۆ قوتابخانه . وایه تا شەرە پەرۆ بەردەوام بێت ئەڤەلۆنی ئەویش سالٚ به سالٚ دەگۆرێت .

برادەرێکی دیکه لەسەر مانگرتن زانکۆی تەواو نەکردبوو , به بەرپرسێکی پارتی وتبوو : کارێکم بۆ بدۆزنەوە, له وەلاٚمدا کاکی بەرپرس وتبووی : تەنها کاری حیزبیمان هەیه .

له کەرکوکێك تەنها کاری حیزبی , نانی حیزبی , زەوی حیزبی , مەرگی حیزبی گانی حیزبی هەبێت , گازنده له خەلٚك مەکەنەوە , به ساقەی عامودە گەورەو بچوکەکه ببێتەوە .

سكان كركوك يتبرعون بأراض ويطلبون بناء مساكن للمهجَّرين

**طالب أهالي منطقة"تسعين" في محافظة كركوك وزارة الإسكان والإعمار ببناء مجمع سكني في المدينة لاستيعاب الأسر التي فقدت مساكنها في زمن النظام السابق. وجرى ذلك خلال لقائهم بوزير الإسكان، ، في مقر الوزارة حيث تبرع الأهالي بأرض مساحتها 8 دونمات لإنشاء المجمع عليها، وفقا للمادة 58 من قانون إدارة الدولة الخاص بتطبيع الأوضاع في كركوك. ووعد الوزير بدراسة المقترح وعرضه على رئيس الوزراء لاستحصال الموافقات الأصلية والتخصيصات المالية، إضافة إلى شمول المنطقة ببعض الخدمات، كونها من المناطق التي عانت من الإهمال جراء سياسات النظام السابق.**